# بیروسۆز دوو ڕەگەزی سەرەکی ناو شیعری فەرەیدوون سامان

جەماڵ نەجاری



شیعر هەرەتی سەفەرێکی نامۆیە لە ئەندیشەی رۆح و لێدوانێکی سرت و قووڵە بۆ دەربازبوون لە هەوێنەکانی دەروونی مرۆڤ. بەبڕوای زۆرکەس شیعر هیچ پێناسەیەک لەخۆناگرێ و لە چوارچێوەی هیچ پێناسەیەکدا شینابێتەوە و هەر کەس بەپێوانەی فیکری، پێناسەیەکی تایبەتی بۆ شیعر هەیە، بەڵام گرنگی ئەم مەبەستە ئەوەیە کە بەگشتی جەماوەری کۆمەڵگا بەتایبەتی جەماوەری رووناکبیر چ تێبینییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بەشیعر لە ئەندیشەی ئەمڕۆدا لەمەڕ شاعیرانی سەردەم هەیە و شاعیرانی سەردەم تا چ رادەیەک توانیویانە کاروانی سەفەری نوێخوازی وەڕێبخەن و خاڵەکانی ئەم نوێخوازییە لە چیدا دەبینن؟ تا کەلێنی نێوان کۆمەڵگا و نووسەر-بەگشتی-لەوەی کە هەیە زیاتر نەبێ،

ئەگەر بێین لە قۆناغی روانگەییەکانەوە، سەیری شیعری کوردی بکەین و بێینە سەر شیعری ئازاد دەبینین ئەم جۆرە شیعرە لە روخسار و لە واتادا

جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەناو وێژەی کوردیدا هەیە و گەلێک شاعیری باش لەو سەردەمدا هاتنە ئاراوە و کەسانێکی بەئەزموون لەم قۆناغەدا سەریان هەڵدا. کەچی قۆناغی روانگە تا نەوەدەکان کاریگەریی لەسەر هەست و بیروهۆشی خوێنەران جێهێشت و وردە وردە ئەم کاریگەرییە کەم و کپ بووە، ئیتر لە دوای ئەم قۆناغە جۆرێک شیعر سەر هەڵدەدا کە بەبڕوای من دەکەوێتە خانەی شیعری جیاوازەوە بۆ ئەوەی شیعر جیاواز بێت، شاعیر دەبێ نەفەسێکی تازەی هەبێت، شیعری فەرەیدوون سامان ئەم نەفەسە تازەیەی تێدا دەبیندرێ، ئەوەتا لەدوایین بەرهەمی شیعری خۆیدا ( پرم لە عیشقی تۆ )٢٠٠٦) چاپی دەزگای ئاراس بەردەوام شاهیدی ئەم تازەگەرییە و ئەم جیاوازییە دەبین، هۆی ئەم جیاوازییەش لەم خاڵەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١- شاعیر ئاگاداری شیعری سەردەمی خۆی و پێش خۆیەتی.

٢- شاعیرخوێنەرێکی باشی شیعرە.

سەبارەت بەخاڵی یەکەم شاعیر خۆی دەرباز دەکا لە شیعری شاعیرانی پێش خۆی و سێبەری هیچ شیعر و شاعیرێکی بەسەرەوە نییە، بەڵکو خۆی ئەسڵی شیعرە و زمانی خۆی و تایبەت بەخۆی لەناو شیعرەکانیدا بەکاردێنێ.

سەبارەت بەخاڵی دووهەم شاعیر خوێنەری شیعری وڵاتانی دراوسێی خۆیەتی، عەرەبی، فارسی و... و بەوردبوونەوەی لە شیعری جیهانی جۆرێک زمانی تازە لەناو شیعرەکانیدا بەکاردێنێ کە پێشتر لە شیعری کوردی دا نەبیندراوە. وێنە شیعرییەکانی ناو کتێبی ( پرم لە عیشقی تۆ ) خۆی لە دوو رەگەزی سەرەکیدا دەبینێتەوە، **یەکەم**:"بیر" **دووهەم**: سۆز




بەچوونە ناو بابەتەکە زیاتر لەو دوو رەگەز ورددەبینەوە و نموونەیان بۆ دەهێنینەوە.

**یەکەم**: رەگەزی بیر Idea بیر ئەو واتایە لەخۆدەگرێ کە دەق دروست دەکا جا ئەو دەقە شیعر بێ، یان پەخشان، ئەوەی من لێرەدا باسی لەسەر دەکەم تایبەتە بەشیعر. دیارە واتاش گرنگییەکی گەورەی هەیە لەناو دەقداو هەرچەندە واتاکە لاواز بێت، ئاستی دەقەکەش لاواز و نزم دەبێتەوە.

بیر رەگەزێکە بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعری و لەگەڵ رەگەزەکانیتر یەک دەگرن و وێنە دێتە کایەوە، وێنەی شیعری لە کتێبی ( پرم لە عیشقی تۆ ) بەرجەستە کردنێکی وشەیی بیروسۆز و شێوەکەشی روخسارێکە بۆ پێکهاتەیەکی بیر و سۆز. لێرەدا شاعیر لەڕێی هەردوو رەگەزی بیروسۆز، خۆی بۆ خوێنەر و گوێگران دەگوازێتەوە.

**"عیشقت سەرابێکە**
**رێگا دوورەکانم لێ نزیک دەکاتەوە**
**شەوگارێ تارم، رووناک**
**دەبێتە خۆرەتاو**

**لەسەرماوسۆڵەی زستانی تووشی زەمەن**
**گەرمم دەکەیتەوە**
**تەنیایی ژوورە سارد و سڕەکەی ناخم**
**پڕ جۆش"**

**ل ٨ پرم لە عیشقی تۆ**

بلنسکی دەڵێ: "هونەر بیرکردنەوەیە بە وێنە" لێرەدا شاعیر بەرگێکی لە خەو و خەیاڵ و مەزندە خودییەکانی خۆی بەسەر بیرەکەیدا هەڵدەکێشێ و دەیڕازێنێتەوە، چونکە بیر لە شیعردا لە پێش وێنەکاندا دەبیندرێ و وێنەی زیندووی تەواو ئەرکی سەلماندنی ویژدانی وەئەستۆ دەگرێ"

**"چیم نەدەبینی**
**لەم بیابانییە وشکەڵانە**
**چرپەیەک بووە هاوار**
**بێدەنگیمی خنکاند**
**شێت بوونمی درووژاند**
**ماتیم بووە زایەڵەیەک**
**دڵی سەختی بیابانی شەق کرد"**

**ل ١٨ شیعری هەلاییسانی تەم**

لێرەدا وێنە رۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕێ لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەزەندەکانی شاعیر بۆ خوێنەر بەشێوەیەک کە بتوانێ کاریگەر بێت و قەناعەت بەبەرامبەرەکەی بێنێ، لەسەر رەخنەگریش پێویستە کە بە دوای فەلسەفە و بیروبۆچوونی شاعیر بگەڕێ و شتەکان وەک خۆی ببینێ. شاعیر تێکەڵی واقعییەت دەبێت و بە زمانێکی شاعیرانە مەبەستی خۆی دەگەیێنێ،

**"کراسی تەمم پۆشیوە**
**لەنێو کوانووی گڕدا**
**سەما دەکەم"**

**ل ٦٨ شیعری سیمای ژەنگەکان**

**شەو، سەگێکی لاڵە**
**هۆش، دیوارێکی تەپیو**
**هەست، پولەکی چرایەکی کز**
**بیستنم، سەدای رمانی تاشەبەردی کەڕی**
**سەر رێگاکانە**

**ل ٧٨ شیعری بێوار**

شاعیر بیری خۆی تێکەڵ بەوشەکان دەکات و خوێنەر تام و چێژی خۆی لێ وەردەگرێ، و رەگەزەکان هاوسەنگ دەبن و جوانییەکی تەواو بەشیعرەکە دەبەخشێ، چونکە زاڵکردنی هەر یەکە لە رەگەزەکان نەک تەنها بیر دەبێتە مایەی لاسەنگیی وێنەکە، چونکە وێنە لە بەرجەستەکردنی بیروهەست و سۆز و ئەندیشە و دیمەنە سرووشتیەکان بە هەستی ژیرییەوە بەولاوە هیچی تر نیە.

کە واتە بیر یەکێکە لە رەگەزەکانی وێنەی شیعری کە فەرەیدوون سامان بەشێوەیەکی دروست ئەم رەگەزە بەکاردێنێ و بەهای ئێستاتیکی وێنە شیعرییەکان بەهێز دەکات.

**دووهەم:** رەگەزی سۆز Emotion

سۆز رەگەزێکی تری ناو دنیای شیعری فەرەیدوون سامانە، وێنە شیعرییەکان بەبێ سۆز ویشک و برینگن و هەست و سۆز نابزوێنن، سۆز جوانی و کاریگەری و چالاکی و بەردەوامی بەوێنە شیعرییەکان دەبەخشێ.

**"سێوی سووری کوڵمت دەڕنمەوە**
**لیمۆی زەردی لێوت دەمژم**
**سمۆرەی دڵم**
**ئاوێزانی چناری باڵات بووە"**

**ل ٨ پڕم لە عیشقی تۆ**

سۆز لە زانستی دەروونی دا بەوە پێناسە کراوە کە دیاردەیەکی ویژدانییە و لە هەست و نەستی خاوەنەکەی لەبەر چەند هۆیەکی ماددی بیر و هەڵچوونی شەپۆل دەدا و بوون و قەوارەی دەگرێتەوە، لە رەنگ و دەنگ و بزووتنەوەی لەشدا خۆی دەنوێنێ،

**"ئەوە منم**

**له نێو سیحری عیشقێکی به تاڵبوودا**
**شووشەی ڕۆحم شکاوە!**
**بوو مەته حیکایەتی**
**ئەفسانه بێ کۆتاییەکان**
**هەزاران لێو دەمگێڕنەوە**
**هەزاران چاو دەدینن"**

**ل ٨٠ شیعری؟**

شیعر پێویسته بەخودی شاعیرەوە، بۆیه ئەزموونەکان بۆخۆیان بەرپاکەری سۆزی شاعیرن. سۆز بارێکی دەروونیه و لایەنێکی ژیانی مرۆڤه و کۆمەڵه هەڵچوونێکه که له هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤدا هەستی پێ دەکرێت، سۆز مانەوەی زیاتره تا هەڵچوون، سۆز ڕەگەزێکی زیندووه لەناو وێنه شیعرییەکاندا.

وێردسی ورس که باسی ڕاستییەکان دەکات دەڵێ: لەڕێگەی سۆزەوە بەشێوەیەکی زیندوو بۆ دڵ دەگوازرێنەوە

فەرەیدوون سامان له کتێبی( پڕم له عیشقی تۆ ) بیری خۆی بەرجەسته دەکات و لەڕێگەی سۆزی ڕاستەقینەوە ناوەرۆکی وێنەکان دەخاتەڕوو، ئەوە بەو مانایه نییه که سۆز ڕەگەزێکی سەرەکییه، بەڵکو یەکێ له پێکهاتەکانی ناوی دنیای وێنه شیعرییەکانی فەرەیدوون سامانه. شاعیر زۆرجار ئەم دوو ڕەگەز بەیەکەوە بەشێوەی هاوسەنگ بەکاردێنێ ئەوە شتێکی ئاساییه

**"کوردستان**
**تکۆڵی چرایه له ڕۆشنایی خۆر**
**ماچ و زەردە خەنەی له لێوەکان**
**غەمزە له پێڵووی چاو**
**کۆچی هەنگاوەکانه**
**له هاتن و هەڵاتنی دەنگی پاژنەی پێیەکان"**

**ل ١١٨ شیعری کوردستان**

ئەوەی که نووسەر مەبەستییەتی ئەوەیه که خوێنەر بخرێته سەر کەشوهەوایەک که هەمان هەست و سۆزی نووسەری هەبێ، بۆیه ڕەگەزی سۆز ڕۆڵێکی گرنگی هەیه له دروستکردنی وێنەکاندا، دیاره زمانی سۆزیش دەبێ ناسک و دڵڕفێن بێ و دوور له زاراوەی زانستی وشەی بیانی، چونکه هەست و سۆز هەڵقووڵاوی ویژدان و خودی شاعیره بۆیه دەبێ بەشێوەیەکی زۆر جوان دەربڕمەدرێ. له شیعرەکانی"کوردستان" و "بیابانییەکان" شاعیر هەست و سۆزێکی کوردانه لەناو شیعرەکانیدا بەکاردێنێ. هەست و سۆزێک که کورد بەدرێژایی مێژوو چێشتوویەتی و لێی تێدەگات، شاعیر ئەو هەست و سۆزە که له دەروونی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووه بەبیرکردنەوەیەکی تازه و بەزمانێکی شیعری دەیخاته سەر کاغەز، شاعیر هەردوو ڕەگەزی بیر و سۆز تێکەڵ بەیەک دەکا و ئەندیشه لەناخی خوێنەر سەرهەڵدەدا، باکگراوندێکی فەلسەفی لای خوێنەر دروست دەبێ، مانا لەناخی وشەکاندا دەردەکەون،

شاعیر له "پڕم له عیشقی تۆ" دا باس له سۆزدارییەکی مەجازی ناکات، بەڵکو ماناکان مانای مەعنەوی بەخۆوە دەگرن،

شاعیر بەوریایی مامەڵه لەگەڵ شیعردا دەکات و بیروبۆچوونی خۆی به چەشنێک دادەڕێژێ که خوێنەر لەڕووی سۆز و هەستی خۆیەوە لەگەڵیا له پەیوەندی دا بێت و چێژی لێوەرگرێ،

زمانی شیعرەکانی فەرەیدوون سامان ئەگەر له ڕواڵەتدا ساده و بن ئەوا ماناکان قووڵ و فەلسەفییانه خۆیان دەردەخەن.

له کۆتایی دا دەڵێم، فەرەیدوون سامان لەو شاعیرانەیه که توانیویەتی زۆر بەجوانی و وریایی ڕەگەزەکانی بیروسۆز لەناو زمانی شیعری خۆیدا بەکار بێنێ و بتوانێ خۆی له لاساییکردنەوە و تەقلید دەرباز بکات.